# دلێر گەرمیانی: وەزارەتی ڕۆشنبیری جیاکاری لەنێوان هونەرمەندان دا دەکات

**هونەرمەند دلێر عەبدوقادر حەسەن، ناسراو بە دلێر گەرمیانی لەساڵی 1978 لەدایک بووەو دانیشتووی شاری هەولێرەو خێزاندارە، سێ منداڵی هەیە. دەرچووی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانە، ئێستا مامۆستایە لەپەروەردەی هونەری خەبات، بەمشێوەیە وەلامی پرسیارەکانی ئێمەی دایەوە؛**

**ڕۆژی گەل:** کاک دلێر تۆ هونەرمەندێکی میللی ناسراویت، تاچەند ئەو جۆرە هونەرە سودت پێدەگەیەنێت لەڕووی ماددی ومەعنەویەوە ؟

دلێرگەرمیانی :ئەو شێوازەی کەمن گۆرانی پێدەڵێم، لەبۆنەو ئاهەنگەکاندا، یان هۆڵەکانی ئاهەنگ گێڕان و بۆنەکاندا، کەزیاتر ئاهەنگی بوک گواستنەوەو یان ئاهەنگی قوتابی و خوێندکارانە، ئیتر ئەوە شتێکە کەمن بتوانم هەم هونەرەکەمی پێبەردەوام بکەم هەم بژێوی ژیانمی پێ پەیدابکەم. چونکە بەڕاستی تاکو ئێستا حکومەت نەیتوانیوە شتێکی وابکات کە هونەرمەندان پێی بژین، تا پێویستیان بەو جۆرە ئاهەنگانە نەبێت، بۆ ئەوەی تەنها لەکۆنسێرتەکان بەشداری بکەن، یان بەبەرهەمەکانی خۆیان بژین.

**ڕۆژی گەل:** ماوەیەکە جۆرە کلیپێکی جەنابت لە تەلەڤزیۆنەکان دادەبەزن کەدەتوانین بلێین لەکارەکانی ترت جیاوازە ئایا ئەمە هەوڵدانێکە بۆ گۆڕینی ستایلەکەت ؟

دلێرگەرمیانی : لە ڕاستیدا ئەو کلیپانە گۆڕینی ستایل نیە، بەڵکو ئەمە ستایلێکی خۆمەو دوورە لەهەموو ستایلێکی تر. ڕاستە کەوا کۆمەڵە کلیپێکم کردووەو من زۆر شانازیان پێوە دەکەم، کەوا بەجلی کوردی کردوومەو چەند کچە سەماکارێکی عەرەب یان تورکیان تێدایە، من ئەمەم زۆر پێ شتێکی باشەو با خەڵکی ئێمەش بزانن کەوا ئێمەش دەتوانین ئەو جۆرە کارانە بکەین. لەڕاستیشدا جۆرە ڕێچکە شکاندنێکە بۆئەوەی خەڵکی ئێمە چاو کراوەتربن و بشزانن کەوا هونەری ئێمە هیچی لەهونەری وڵاتانی تر کەمتر نیە. من لەبەرنامەم دایە کارێکی زۆر چاکتر بکەم و بەستانداردێکی زۆر باشتر.

**ڕۆژی گەل** : ڕۆلی کۆمپانیا هونەریەرکان چۆن دەبینیت لەبەرەو پێش بردنی هونەری کوردی ؟

دلێرگەرمیانی : لەبارەی من، من تاکو ئێستا لەگەل کۆپانیای کۆرەک میوزک کارم کردووە، ئەلبومی ئەو جارەشم ئەلبومی (تۆم خۆشدەوێ) ئەرکی چاپ وبڵاو کردنەوەی کۆمپانیای کۆرەک کردوویەتی، کە لۆگۆی کۆمپانیای ناوبراوی لەسەرە، ئەوەش جۆرە پشتگیریەکە بۆمن کە لێرەوە زۆر سوپاسی کاک عیرفان مێرگەسۆری بەڕێوەبەری کۆمپانیای کۆرەک میوزک دەکەم بەڕاستی ئەوان بەردەوام پشتگیری هونەرمەندان دەکەن و جێی دەستیان دیارە لەناو هونەری کوردیدا.

**ڕۆژی گەل** : جیاوازی هونەری ئێستاو سالانی ڕابردوو چۆن دەبینیت ؟

دلێرگەرمیانی : من وای دەبینم سەردەمی ئێستا سەردەمی خێراییە، خەڵک گوێ دەگرێ و زۆر زوو لەبیری دەچێتەوە، ئەمەش هۆی ئەوەنیە کە بلێی ئاوزەکە خراپە یان تێکستەکە، تێکست نیە یان میوزک کاری باش ناکات، بەڵکو نەخێر شتی زۆر جوان کراوەو هونەری کوردیش زۆر پێش کەوتوەو شتی زۆر جیاواز کراوە، هەر هونەرمەندێک شتی تایبەت بەخۆی دەکات و بەشێوەیەکی جوان، بەلام بەنسبەت سەردەمی ڕابردوو، ئەوا سەردەمی گۆرانی ڕەسەنی کوردی بووە، ئێمە هونەرمەندە نەمرەکانی بەمامۆستای خۆمانیان دەزانین، ئەوانە کۆمەڵە هونەر مەندێک بوون کەوا بناغەی هونەری گۆرانی کوردیان داناوەو بونەتە چەندین قوتابخانەی گرنگ بۆ ئێمە وەک مامۆستا عەلی مەردان و حەسەن زیرەک و ماملێ و ......هتد.



**ڕۆژی گەل:** ئەلبومە نوێیەکەت لەچەند تراک پێک هاتبوو؟ کێ ئاوازو هۆنراوەی بۆ داناوی؟

دلێرگەرمیانی: ئەلبومە نوێیەکەم ئەلبومی (تۆم خۆش دەوێ) بوو، کە دەتوانم بڵێم زیاتر لە دوو ساڵ کارمان بۆی کردووە، ئەلبوومەکە چەند ئاوازێکی خۆمی تێدا بوو، هەروەها ئاوازی فۆلکلۆرو تێکستی فۆلکلۆر و تێکستی برایانی بەڕێزم کاک هەڤاڵ عەلی و کاک شەیدا شێخانی و کاک هەڤاڵ ئەحمەدی تێدایە، ئەو مۆزیک ژەنانەی کەبەشداربوون لەو ئەلبوومەدا، کاکە شیاو و کاک محەمەد یاسین و کاک موکریان ئەبوبەکر بوون، لەستۆدیۆی کەنار کاری دەنگی بۆکراوە.

**ڕۆژی گەل:** پرۆژەی داهاتووت چ دەبێت ؟

دلێر گەرمیانی: پرۆژەی داهاتووم ناتوانم بلێم لەچەند تراک پێک هاتووە چونکە هێشتا ناویشم لێی نەناوە، بەلام لەوانەیە ئەوجارە زیاتر بەدیالێکتی کرمانجی سەروو گۆرانی بلێم یان ئەوەتا بیکەم بەنیوە واتە نیوە بادینی نیوەش سۆرانی. خەرجی ئەو سیدییەی ئەو جارەم کۆمپانیای سویدش ستار بۆ وەبەرهێنانی خانووبەرە گرویەتە ئەستۆی خۆی،لێرەیشەوە زۆر سوپاسی برای بەڕێزم کاک ئاراس مستەفا دەکەم بەڕێوەبەری کۆمپانیای ناو براو کە بەڕاستی ئەو لەئێستاوە هانی دام بۆئەوەی کارێکی نوێ ئامادە بکەم.

**ڕۆژی گەل:** ڕات چیە دەربارەی ڕاپ ؟

دلێر گەرمیانی: ستایلی ڕاپ جۆرە ستایلێکی غەربیە، هەرچەندە ئێمە ڕۆژهەلاتین، بەلام شتێکی ئاساییە کە ئەگەر هونەرمەندێک بتوانێت بەجوانی بیلێت و یان دایبرێژێت، مۆسیقایەکی جوانی بۆ بکات یان ئەدایەکی جوانی بۆبکات، یرۆکەیەکی جوان دابرێژێت و بەگشتی خۆی لەو جۆرە ستایلە بدۆزێتەوە . شتێکی چاکە ئەگەر هەبێت!

**ڕۆژی گەل** : وەزارەتی ڕۆشنبیری تاچەند هاوکاری هونەرمەندە میللیەکانی وەکو جەنابتان دەکات ؟

دلێر گەرمیانی: وەزارەتی ڕۆشنبیری بۆ یارمەتیدانی هونەرمەندان بەگشتی زۆر خراپە، دەتوانم بڵێم جیاوازیش دەکات لەهونەرمەندانی دەرەوەو ناوەوە، هەر هونەرماندانی ئێرە جیاوازیان تێدەکرێت، دەتوانم بڵێم هەنەرمەندی زۆر چاک هەیەو کاری زۆر چاکی کردووە تەنها لەسەر گیرفانی خۆیی و وەزارەتی ڕۆشنبیری هیچ جۆرە هاوکارێکی نەکردووە، هۆکاری هاوکاری نەکردنەکەش لەوانەیە بەهۆی لایەنگیری کردن یان هەر جۆرە بیانویەک بێت کە دەدریتە پاڵ هونەرمەندان، یان لەوانەیە بەهۆی ئیهمالی هونەرمەندەکەش بێت، یان بەهۆی ئیدارەی هونەری مۆسیقاش بێت، من بەنسبەت خۆمەوە هاوکاری کراوم، بەلام نەک بەجۆرێک کەبتوانم کارەکەی خۆمی پێ تەواو بکەم سوپاسیشیان دەکەم، بەلام کۆمپانیای کۆرەک بەسوپاسەوە هاوکارییان کردووم بۆ تەواو کردنی ئەلبوومە نوێ کەم.

**ڕۆژی گەل** : لەکۆتایدا ئەگەر وشەیەکت هەبێت ئێمە لەبیمان چوبێت؟

دلێر گەرمیانی: زۆر سوپاسی ئێوەی بەڕێزو هەفتەنامە ئازیزەکەتان دەکەم هیوادارم بتوانن هەموو مونەر مەندان بەبێ جیاوازی بەسەر بکەنەوە بەخێر بین سەرچاوم.

**سازدانی: ڕۆژی گەل**

# فەرهەنگی ڕەنگەکان

## یەکەم: ڕەنگی سپی

ڕەنگ زمانی هەمیشەیی سروشت و مرۆڤە، هەر لە سەرەتای ژیانەوە ڕەنگەکان سەرنجی مرۆڤی کۆنیان ڕاکێشاوە وبڕوای وابووە کە هەر یەک لە ڕەنگەکان نهێنیەکی تێدایە و مانایەک دەبەخشێت، بۆیە مرۆڤ کۆششی کردوە بۆ دۆزینەوەی مانا و هێماکانی ڕەنگەکان.

ڕەنگ لای زۆربەی گەلانی دونیا یەکێکە لەو ئامرازانەی کە هەست و سۆزەکانی خۆیان پێ دەربڕیووە تا وای لێهاتووە ڕەنگ بۆتە نامەیەکی مانادار ڕەوانەکراوە بۆ کەسێک.

ڕەنگەکان ڕۆل و بایەخێکی گرنگیان هەبووە لە ژیان و سرووتە ئاینیاکاندا، هەروەها لە دروشم و ئاڵا و لافیتەی بۆنە وئاهەنگەکان و جلوبەرگی پیاوانی ئایینی و سەربازی، هەروەها ڕەنگەکان لە بوارە جیاجیاکانی وەک، بواری سایکۆلۆژی و بایۆلۆژی و نیشتمانیدا مانای جیاوازیان هەیە.

ڕەنگ وەکو مۆسیقا، هەست و سۆزی دەدوێنێ و دەوروژێنێ و کاریگەری لەسەر نەفس و ناخ و کەسایاتی مرۆڤدا هەیە و لە ڕووی دەرونیشەوە، ڕەنگەکان گوزارشت لە شتە نهێنی و شاردراوەکان و هەستی مرۆڤ دەکەن، هەندێک ڕەنگ ئارامیمان پێدەدات و هەندێک ڕەنگیش گەرمی و هەستێکی تایبەتیمان پێ دەبەخشێت، بۆیە پێویستە لە مانا و زمانی ڕەنگە جیاجیاکان تێبگەین وبزانین.

- ڕەنگی سپی: ڕەنگی ئاشتی وپاکژیە وپەیوەستە بە ڕوناکی و شەفافیەت، هەروەها هێمایە بۆ پاک و بێگەردی و ڕاستی گونجان و بەرەکەت، لە کاتی پێکهاتن و ئاشتی نێوان دوو وڵات ئاڵای سپی هەڵدەکرێت و لە دیزاین و دیکۆراتی ژوور وشوێنە کانی ناوەوە، ئەم ڕەنگە کەشێکی هێور و ئارام بۆ مرۆڤ دروست دەکات.

لە کوردەواریدا کاتێک دەگوترێت دەستی سپیە، واتە بێدەسەڵاتە و هیچی لەدەست نایەت و چاوی نەکراوەتەوە.

ڕەنگی سپی هەمیشە ڕەنگی خواوەندکانی ئاسمان و کاهین فریشتەکان بووە.

ئەم ڕەنگە لای هەندێک لە میللەتە کۆنەکان نیشانەی ماتەمینی و مەرگ بووە، هەروەها لای ڕۆمەکان ئەم ڕەنگە نیشانەی کامەرانی و خۆشبوختی بووە، بۆیە لە جەژنەکاندا جلوبەرگی سپییان لەبەردەکرد، ئەم ڕەنگە لای فیساگۆرسیەکان هێمابوو بۆ ڕاستگۆیی وداد پەروەری وچاکە.

**مامۆستا م.ع**

# سەوزە....خۆراک ودەرمان



ئەگەر بێت و سەوزە بەباشی بەر هەم بهێنرێ، ئەوا نەک هەر خۆراکێکی بەسوودە، بەلکو سودیشی لێوەردەگیرێ بۆچارەسەر کردنی هەندێ نەخۆشی، لەبەر ئەوەی سەوزە چەند (تفت) و (خوێ)یەکی تێدایە کەزیانی ئەو ترشانە پوچەل دەکاتەوە کەلەئەنجامی شیتەڵکردنەوەی پێکهاتە خۆراکیەکان پەیدادەبن. بۆنمونە (مەعدەنوسی) و (کاهوو) ڕێژەیەکی زۆر ئاسنیان تێدایە، هەروەها (مەعدەنوسی) و ( گێزەر) ڕێژەیەکی زۆر لەڤیتامین (A) یان تێدایە، کەیارمەتی پاراستنیپەردە لینجەکانی ناو لەش و گەشەکردنی لەش دەدات، هەروەها یارمەتی لرش دەدەن بۆخۆ ڕاقگری لەبەرامبەر نەخۆشیەکان .

سەوزە ڕێژەیەکی زۆر ڕیشالی تێدایە کرئەو ڕیشالانە خۆیان بەرامبەر کاریگەری ڕژێنەکانی هەرسکردندا ڕادەگرن و هەروەکو خۆیان دەمێننەوە تاوەکو دەگەنە ناو (ڕیخۆلە ئەستوورە)لەوێشدا گرنگی و سوودی ئەو ڕیشالانە دەردەکەوێت. هەروەها ئەو مندالانەی کەخۆراکیان بریتیە لە شیری وشک وبەرهەمەکانی دیکەی شیر، ئەوا باشتر وایە سەوزە بکرێتە بەشێک لە خۆراکی ئەو مندالانە، لەبەر ئەوەی ڕێژەی ئاسن لەشیردا کەمە.

هەروەها هەندێک لەتوێژەرە ئەمریکیەکان لەزانکۆی (بلتیموری پزیشکی) چەند تاقی کردنەوەیەکیان ئەنجام داوە، کەتیایاندا ئەوە دەرکەوتوە کەرووەکی قەرنابیتی سەوزی زستانە برێکی زۆر لە (سولفارانات ) ی تێدایە، کەئەم ماددەیە یارمەتی بەربەرەکانیکردنی گەشەی هەندێک جۆر لەشێرپەنجە دەکات.

توێژەرەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کەسیستەمێکی خۆراکی پشت بە قەرنابیتی سەوزی زستانە ببەستێت، ئەوا مەترسی توشبون بەشێرپەنجە کەمدەکاتەوە.

تاقی کردنەوەکە ئەوەی دەرخستووە کەقەرنابیتی سەوز وەهەندێک ڕووەکی دیکە لەشێوەی ئەودان وەک قەرنابیتی سپی و توور کەبرێکی زۆر مادەی سولفورافانیان تێدایە کەناهێڵێت دومەڵە شێر پەنجەییەکان گەشەبکەن..

**ئامادەکردنی: باوکی بنار**


| ڕانیە | کەرکوک | سلێمانی | هەولێر | ڕۆژی گەل |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| گەڕەکی ڕەشەمێرگ | گەڕەکی شۆرجە | گەڕەکی ڕزگاری | گەڕەکی ڕزگاری | هەفتەنامەیەکی سیاسی، ڕۆشنبیری گشتییە، حزبی ڕزگاریی کوردستان دەری دەکات |
| بەرانبەر بارەگای | بەرانبەر فێرگەی | نزیک مزگەوتی حەزرەتی ئیبراهیم | شەقامی شەست مەتری | خاوەنی ئیمتیاز: ڕێکار ئەحمەد.. ژمارەی تەلەفۆن:07501191497 |
| پێشمەرگەدێرینەکان | شۆرجەی کچان | بەرانبەر زانکۆی ئەمریکی | نزیک وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە | سەرنووسەر: حوسێن حەسەن .. ژمارەی تەلەفۆن: 07504471631 |
| 07501163805 | 07701325080 | 053219256 | 07501179846 | rojiigel@hotmail.com |